# "کۆنگرەی ناسنامە" پێش "کۆنگرەی نەتەوەیی"یە.



**عەلی زیرەک**

**'کۆنگرەی ناسنامە" ساغمان دەکاتەوە.**

**بانگەوازێک بۆ کوردناسان و خەباتکارانی وڵاتەکەمان، لە ژێر ناوی:**

**"بەستنی کۆنگرەیەک بە مەبەستی ساغبوونەوەمان لەسەر  ناسنامەیەکی هەمەگیر لەسەر کورد، لە روانگەی کوردەوە"**
**ئامانج لەم نووسینە بەرچاوڕوونییەکی زیاترە بۆ کاراترکردنی "کۆنگرەی نەتەوەیی" و گیرابوونی پەیامەکەی لەسەر ڕای گشتی کورد و دنیا.**

**بەستنی کۆنگرەیەکی کوردستانییانە لەسەر "ناسنامەی کورد"  وەک سەرەتایەکی باش بۆ یەکترناسینی لایەنەکان و هێنانەبەرباسی کێشە بنەڕەتییەکان پێویستە و ئامانجەکانی دەتوانێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:**

**١-    ساغبوونەوە لەسەر نەخشەیەکی جوغرافیایی بۆ هەموو کوردستانیان و میدیای کوردی کە تەنیا ئەم نەخشەیە بچەسپێنین و لە میدیا و پەروەردەدا بیگونجێنین.**




**(*) نەخشەیەک بە دڵی کوردان.**

**ئەمەش بەو واتایە دێت کە کەسێک دەبێ بە تێروتەسەلی باس لە نیشتمانەکەمان بکات، با ئەو کەسە هەر خۆمان بین، نەک ئەوەی نەخشەی وڵاتانی دیکە بەسەرماندا بسەپێنرێت. یانی دەبێ لە دڵسۆزیی بێگانەش هەمیشە بە گومان بین، ئەگەرچی ئەو بێگانەیە تا رادەیەکیش خۆی وەک دۆست پیشاندابێت. بۆ نموونە نەخشەی ئامریکاییەکان لە باشووری گەورەی کوردستاندا، لوڕستان و بەشێکی هەمەدان و بەشی لوڕنشینی پارێزگای ئەراک و مەمەسەنی و بەختیاری و چوارمحاڵ و کۆگیلوویە و کازروون و بۆیێرئەحمەد و ناوچە کەناراوییەکانی خەلیج دیارینەکراون و ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە. یانی پشتیوانەکەی ئێمە ئەگەر ئامریکا بێت، لەگەڵ فارسەکان ساغ بووەتەوە کە بە رادەی پانتایی خاکی باشووری کوردستان، لە خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان بدات بەوان و بەو شێوەیە هەم لەوان و هەم لە ئێمەش بچرێت. یانی لەسەر نەوت و کانزا و ئیمکاناتی بەرفراوانی ئەم ناوچانە کە کوردستانن، لەگەڵ فرسەکان رێککەوتن بکات کە جێگای سەرسوڕمانیش نییە و لە رابردوودا ئەوەیان**

کردووە و ئێستاش لە بەرەکەی دەخۆن. نموونەکەی ویلایەتی موسڵی کۆنە، کە ئێستا پارێزگا و نیوێکمان لەدەست چووە. ئەمەش وامان پێدەڵێ: هیچ وڵاتێک بە قەدەر ئێمە شپرزە نییە، چونکا بە چاوی خۆمان دەیبینین و رێگاچارەشی بۆ نادۆزینەوە.




(**) نەخشەی ئامریکاییەکان کە کوردستانیان ئەوەندە بینیوە و چاوساغەکانیان دیارە باش نەبوون.

ئەم کارەش بەو مەبەستە دێت کە لانیکەم دەتوانێ لەدەست دەیان نەخشەی جوغرافیایی کوردستان رزگارمان بکات کە لەسەر هیچکامیان ساغ نەبووینەتەوە. ئەم خاڵەیان جەوهەریترین خاڵی "نەتەوایەتی"یە.

٢- زمان و ئەدەبیاتی کوردی و ناساندنی بە جیهان، بە یەکدەست کردنی زمانەکەی و پێکهێنانی لێژنەیەک بە مەبەستی چالاکترکردنی زمانی پێوەندی و نووسینی کوردستانییانە.

لە رۆژگاری ئەمرۆدا کە خەڵک دەیانەوێ هەموو زمانەکان فێر ببن و خۆیان راستەوخۆ سەفەر و پێوەندی بکەن، زمانی فەرمیی ئاسانکراو بۆ فێربوون گرنگە. بۆیەش لەم سەردەمەدا کە زمان دەتوانێ رۆڵێکی گەورە لە ئەستاندنەوەی شوناسی نەتەوەییماندا بگێڕێ، کۆک بوونی خۆمان لەسەر کۆمەڵە رێوشوێنێکی زمانەوانیی کوردستانییانە گرنگ و شایانی بایەخپێدانی زیاتر لە جارانە.دەتوانین بریاری خۆمان لەسەر بابەتە سەرەکییەکانی پێوەندیدار بە زمانی کوردییەوە بدەین. ساغ ببینەوە کە خۆمان چۆن لەگەڵ زمانەکەمان هەلسوکەوت بکەین.




بەم پێیە پێویستە پێش لەوەی وەک نەخشە جوغرافییەکانی نەشارەزایانی دەرەوەی بازنەی ناسیارێتیی کورد لەسەرمان بریار بدرێت، ئێمە خۆمان بیر لە رێگا چارەیەکی لێزانانە بکەینەوە. پێویستە بریارێک لەسەر بەدەستەوەگرتنی رکێفی زمانەکەمان بدەین. ئەمەش بە کارکردنی فرەرەهەند و فرەلایەن و کوردستانییانە دەکرێت.

یانی ئێمەش دەبێ وەک نەتەوە ساغ ببینەوەو کە زمانی راگەیاندن و پەروەردەمان بێت و ئەو زمانەش رێککەوتنی لەسەرکرابێت.

٣- پەسندکردنی ئاڵای کوردستان بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان لە رێککەوتننامەیەکی نەتەوەییدا(هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە لە هێزەکان).

ئەم کارە دەتوانێ ئاسانترین و لەهەمانکاتیشدا پڕ لە بایەخێکی زیاتر لەوە بێت کە بۆی دەچین.

ماوەیەک لە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا شتێکی وا هاتبووە ئاراوە کە باسی لە لاچوونی رەنگە سپییەکەی ناو ئاڵاکە و لابردن یان کەمرەنگکردنی رۆڵی خۆرەکەی (خۆر لەناو رەنگی سپیدا) و زەردکردنی ناوەڕاستی ئاڵاکە دەکرد. خۆ لەوانەیە ئەمەش باس لە بۆشاییەک بکات. یانی رەنگی سپی ناو ئاڵاکەیان زۆر کەمبایەخ پیشاندابوو.

دیارە(کۆما جڤاکێن کوردستان) یش ئاڵایەکی تایبەتی قبووڵە و هەرێمی باشووری کوردستانیش هاوڕا لەگەڵ بەشی زۆری رۆژهەڵات و رۆژئاواش ئاڵای پەسندکراوی پارلمانی باشووریان لەلا پەسندە.

کورد دەتوانێ بە پەرەپێدانی دۆخێکی لەبار بۆ وەگەڕخستنی متمانەی نەتەوەیی و کوردستانییانە، لەسەر ئاڵایەکی خۆشفۆڕم و هەمە پەسند ساغ ببێتەوە. ئەمەش بە دەمارگیری ناکرێت بەڵکوو بە متمانەی زیاتری لایەنەکان دروست دەبێت و نابێ هێزی پارچەکانیش لەبیر بکرێن. یانی دەبێ کۆی هێزی پارچەکان لە ٤ فێدراسیۆندا ئەم ئاڵایە پەسند بکەن. ئەمەش رێزگرتنە لە خەباتی سیاسیی پارچە رزگارنەکراوەکانی کوردستان و مافەکانیان کە خۆمان وەک دەسپێکێکی دیمۆکراتیک دانی پێدا بنێین.

٤- سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" و پێشنیارو ناڕەزایییە نوێیەکان.

سروودی نەتەوەیی کەسایەتیی نەتەوەیەکە کە بە زماندا دێت. ئەمە دەبێ دەربڕی ئازارەکان، شانازییەکان، سەروەری و ئامانجەکانی ئەو گەلە بێت.

بۆیە پێویستە لەگەڵ رۆژگاردا ئاهەنگەکانمان بخەینەوە بەردەم ڕای گشتی و دەنگی پێبدەین.

پێموانییە نەتەوەکان لەشوێنی خۆیاندا ببەستن. پێموانییە بە هیچ لایەنێکیشمان بتوانین بە زۆری سروودێک بەسەر نەتەوەیەکدا بسەپێنین.

بەتایبەت نەتەوەی کورد خاوەنی ویژدانێکی مێژوویی بووە کە سەپاندنی تا سەر قبووڵ نەکردووە و دەبێ سروود و هێماکانی بە شێوازێک بن کە کاریگەرییەکی رۆحی لەسەر تاکەکانی دروست بکەن تا ئەوانیش بتوانن بیپارێزن.

لەم ماوەی چەند ساڵەدا زۆر کەس و لایەن باسی گۆڕینی سروودیان کردووە و ئەمەش ناچێتە خانەی دژایەتیەوە مەگەر نییەتی لایەنی بەرانبەر دەربکەوێت.

بۆیە ئەگەر کێشەش لە سرووددا بێ یان وشەکان بە جۆرێک بن پڕاوپڕ ئامانجەکانی کورد نەپێکن دەتوانین پێداچوونەوەیان بۆ بکەین بە بێ ئەوەی پێمانوابێ کارێکی سەیرمان کردوە.

٥- هەڵسەنگاندنێکی کۆمەڵناسی - دەروونیی چەمکی پێوەندیی نەتەوەیی و چالاکترکردنی ئەم بوارە بۆ پەرەگرتنی چالاکیی کلتووری - نێوخۆییمان.

یەکێک لەو بابەتە نەتەوەییانەی کەمتر ئاماژەی پێکراوە، پێوەندیی لاوازی نێوان تاکەکانی کوردە. بە گوێرەی خەبات و کارکردنمان لەسەر کاراترکردنی پرسی نەتەوەیی و تێپەڕاندنی چاخی ژێردەستی، ئێمە لەم بوارەدا کەمترخەمیمان زۆر کردوە و بۆیەش دوژمن توانیویەتی لەم بۆشاییە رۆحییە کوردستانییانەیەی نێوان تاکەکانی پارچە و ناوچەکانی کوردستان کەڵک وەربگرێت.

پێویسته لەم بوارەدا بە دانان و بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵە کلتوورییەکان و دروستکردنی بۆنەی زیاتر و داتاشینی بۆنەی نەتەوەییانەی وەک "ڕۆژی یەکێتی نەتەوەیی" ئەم قۆناغەی خەباتمان تێپەڕ بکەین و بڕۆینە قۆناغێکی سەرەوەتر.

٦- دروستکردنی وەفدێکی دیپلۆماتیکی نەتەوەیی و هەڵبژاردنی کاراکتەری شارەزا لە نوێنەرانی سیاسی و مەدەنی و میدیایی و ئاکادێمیک، بە مەبەستی کارکردن لە ناوەندە جیهانییەکاندا بۆ ناساندنی دۆزی کورد و کێشەکانی بە دنیای دەرەوەی خۆمان.

ئەمە دەبێ بە بەشداریی نوێنەری پارچەکان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان بەڕێوە بچێت.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ کە مەبەستی سەرەکیی ئەم بانگەوازە، پەرەپێدانی ستراتیژێکی نەتەوەیی و کوردستانییانەی دیمۆکراتیکە کە ڕێگا لە خەسارکردنی هێزەکانی کورد دەگرێت. ڕێگا لە دەستێوەردانی دەرەکی دەگرێت.

ڕێگا لە هەڵپەی لایەنەکان دەگرێت. ڕێگا لەوە دەگرێت کە چەند لایەن بە ناوی نەتەوەیەکەوە بێن و دیسانەوە کوردستان بکەن بە مەیدانی ڕمبازێنی شەڕی ناوخۆیی. هەمووی ئەم ئەگەرانەش بۆیە دەبێ بگوترێ کە ئامانج لە کۆبوونەوەی هێزەکانمان لە "کۆنگرەی نەتەوەییدا" ململانێی ناوخۆیی نەبێت، بەڵکوو دەبێ ساغبوونەوە لەسەر سڕینەوەی ناکۆکییەکان بێت. کۆتاییهێنان بە کێشەی ناوماڵی کورد بێت، ئەو مەرجەش دابنێین کە لەسەر لاوازکردنی هێزی هیچ لایەن و پارچەیەک کار نەکەین. یانی "کۆنگرەی ناسنامە" ڕێگاخۆشکەرە بۆ "کۆنگەرەی نەتەوەیی" سەرکەوتوو.

aleezeerak@gmail.com